

باران

ئیبراهیم هەورامانی

# حسێن
# بێرەدا تێپەڕی

نیسانی

ئێوارانێکی پاییزی بوو

ئەودەمەی،

وێنەکەتم

لە لەتە ئاوێنە شکاوەکانا کۆکردەوە.

چەمێکی مەلوول هاتە سەر ڕێم و پێیوتم:

لەحزەیەک بەرلەهاتنی تۆ

بەر لە فیراق

حسێن بێرەدا تێپەڕی!

من لەوێ بووم

بە تەنیشت هەناسەی گوڵەکانەوە

نزیک لەشیعرێکی عاجز

یەک، بەیەکی شوێن پێکانم

ناسییەوە.

بەرلەوەی حسێن بەم ڕێیەدا گوزەربکات.

کۆڵوانکەی دایکم

تەزبیحە قەزوانییەکەی باوکم

کەلابەردەکەی برا بچوکەکەم

لەوێ، چاوەڕێبوون.

قومێ ئاوی چەم نۆشبکەن.

من لەوێ بووم







به تەنیشتیانەوە

بەرد حیکایەتەکانی

حیکایەتە کۆنەکانی دەگێڕایەوە.

حیکایەتی دابارینی باران و

سەمای شەونم.

حیکایەتی پۆلێ وشەی

بەرئاگردانی

شەوانی تەنیایی نەنکم.

حیکایەتی

ڕوتبونەوەی شەقامە تەنیاکانی شار

حیکایەتی، سەفەرێکی بێوادەی،

باوکم.

هەمیشە باوکم

لە سەفەردابوو.

دایکیشم تەنیا،

گەڵای داباریوی درەختی حەوشەکەمانی

دەژمارد.

بەرد حیکایەتەکانی

حیکایەتە کۆنەکانی دەگێڕایەوە ...

لەگەڵ غروبە ئەو ئێوارەدا



خۆر پێیوتم:

حسێن بێرەدا تێپەڕی !

ئەو شەوە باوکم، تا سەحەر

حەپەی سەگ

بواری نەدا چاولێکنێ.

دایکم بەدیار کچە ساواکەیەوە

شەرمنانە،

حیکایەتی تەریقبوونەوەی

لەدەفتەرە کۆنەکانا دەنوسیەوە.

ئەو شەوە

من نە لە بێداری باوکم

نە لە تەریقبوونەوەی،

دایکم  نەگەیشتم.

ئەو شەوە

تەقولبابی دەرگاکەمان پێیوتم:

حسێن بێرەدا تێپەڕی!

حسێن تێپەڕی و

هێشتا جێ هەنگاوەکانی ...

پڕن،

لە ئاوی کانی



له سیاچەمانەی ڕێحانە
له چاوانی پڕ لەکلی کناچەی دێ.
له مونتەزیربوونی دڵ
لەفیراقی هەناسەکانی پاساریی.
حسێن بێرەدا تێپەڕی و
هێشتا پاڵتۆی بەجێماوی
بۆنی بارانی لێوەدێ و
پڕن لەحیکایەتەکانی
من.
من بەردەوام
سیگار دەکێشم و
دەڵێم:
خەڵکینە کچێک ونبووە
هەوری لەمل
کەتان لەکۆڵ
لیره لەگەردەن. "*"
تا ئەبەدی عومر،
دڵ چاوەڕێیە.

"*": شیعرێکی فۆلکلۆرە



## ئیبراهیم هەورامانی

ساڵی 1963 لە هەڵەبجە لە دایکبووە.

لە ساڵانی هەشتاکانەوە بەرهەم و شیعری لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی 1989 یەکەمین نامیلکەشیعری بە ناوی (16 ئازار) لەلایەن دەزگای راگەیاندنی ئاڵای شۆڕش لە وڵاتی ئێران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

تا ئێستا ئەم کۆمەڵە شعرانەی چاپکردووە:

**1**- 16 ئازار**1989**-

**2**- تەنیاتر لە شەوەکانی دایکم**2010**-

**3**- قومی شەراب- 2012

**4**- حیکایەتەکانی موسافیرێك- 2013

**5**- گۆرانییەکانی مانگی مارت - 2014